تەندروستی فەلەستین: ژمارەی گیان لەدەستدان بە ١٤ هەزار کەس بەرزبووەتەوە



وەزارەتی تەندروستی فەلەستین رایگەیاند، بەهۆی شەڕی حەماس و ئیسرائیلەوە زیاتر لە ١٤ هەزار کەس گیانیان لەدەستداوە.

نووسینگەی راگەیاندنی حکومەت لە کەرتی غەزە باویکردووە، زیاتر لە ٤٧ هەزار حاڵەتی گیانلەدەستدان و بریندارببوون لە ئەنجامی هەرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر کەرتی غەزە تۆمار کراون و وەزارەتی تەندروستی فەلەستینیش ئاماژەی بۆ کردووە کە زیاتر لە سێ هەزار کەس لە بەشی ڕۆژئاوای کەرتی غەزە گیانیان لەدەستداوە و بریندارببوون.

ئاماژەی بۆش کرد، ژمارەی گیانلەدەستدانەکان تاوەکو ئێستا بە ١٤ هەزار و ١٢٨ کەس بەرزبووەوەتەوە کە زیاتر لە پێنج هەزار و ٨٤٠ کەسیان منداڵن و سێ هەزار و ٩٢٠ کەسی دیکەیان ژنن.

ئاوەشی خستە ڕوو، ژمارەی بریندارەکان لە ئەنجامی ئەو شەڕەوە بە ٣٣ هەزار بریندار بەرزبووەتەوە کە ٧٥٪ی بریندارەکان منداڵ و ژنن.

باسی لەوەش کرد، ژمارەی ونبووەکان بۆ زیاتر لە شەش هەزار و ٨٠٠ کەس بەرزبوونەتەوە، کە زیاتر لە چوار هەزار و ٥٠٠ کەسیان منداڵ و ژنن.